هەرێمی کوردستان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/العراق

مجلس الوزراء

بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١١٩) لە ٢٠١٧/١١/٢٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کرێ و ڕسووماتی و سزا دارایییەکانی تایبەت بە بواری تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و بریکارنامە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە نووسراوبان ژمارە (٢٣٧٠) لە ٢٠١٧/٧/١٧، و لە پێناوی کارناسانی بۆ دامەزراندن و تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و بریکارە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان بە تێچوویەکی گونجاو و پرۆسەیەکی ئاسان دوور لە ڕۆتین بە ڕەچاوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکان لەم بوارە، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥) لە بەرواری ٢٠١٧/١١/٢٠، بڕیاردرا بە هەموارکردنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٨) لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٢ بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. هەموارکردنی خشتەی ڕەسمەکانی هاوپێچی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو، و پشتبەست بە ماددەی (٢٠٩) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو، و بەپێی خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە بە ناونیشانی (خشتەی ڕەسمەکانی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو) هاتووە کە لە (١٣) سیانزە بڕگە پێکهاتووە و بە بڕگەی ژمارە (١) (تۆمارکردنی کۆمپانیای خۆماڵی دەست پێدەکات و بە بڕگەی ژمارە (١٣) (ڕاستاندنی تۆماری پێشکەشکراو) کۆتایی دێت.

٢. فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان سەر بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرێی پێویست وەردەگرێت لە کۆمپانیا نیشتمانییەکان و لق و نووسینگەی کۆمپانیا و دامەزراوە بیانییەکان و بریکارەکانی بازرگانی و بریکارەکانی تۆمارکردن و کەسەکان لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکرێت بەپێی خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە بە ناونیشانی (کرێی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) هاتووە کە لە (١٢) دوانزە بڕگە پێکهاتووە و بە بڕگەی ژمارە (١) (وردبینی بەڵگەنامەکان و گرێبەستی سەرجەم کۆمپانیاکان) دەست پێدەکات و بە بڕگەی ژمارە (١٢) (ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لە باڵەخانەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان) کۆتایی دێت.

هەرێمی کوردستان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/العراق

مجلس الوزراء



٣. ڕاسپاردنی هەردوو بەڕێزان وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەوەکالەت و سکرتێری ئەنجومەنی ئابووری بۆ پەیوەندیکردن و کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتیی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دراسەکردنی هەموو ئەو یاسا و ڕێنمایانەی لە بواری وەرگرتنی ڕەسم و کرێ لەلایەن ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت و داڕشتنەوەیان بە جۆرێك لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بگونجێت و ڕەچاوی تێبینی و سەرنجی تیمی بانکی نێودەوڵەتی بکرێت بە ئاڕاستەی کارئاسانی بۆ بازرگانان و کۆمپانیاکان بکرێت و تێچووی دامەزراندن و تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و دەستبەسەرداگرتنی ناوی بازرگانی گونجاو بێت لە پێناوی هاندانی کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان.

٤. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

٥. کار بە هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی دارایی ناکرێت دژ بە ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە بێت.

٦. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Trade and Industry

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التجارة و الصناعة
المديرية العامة للتسجل الشركات
مديرية الحسابات

ژمارە:
بەروار: ٢٠١٨/

No:
Date / /2018

دەرچوو

بۆ / گشت .بەڕێوەبەرایتەکان .بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیاکانی (هەولێر- دهۆک – سلیمانی)

بابەت/ کرێی پشکنین و کرێی جۆراوجۆر

هاوپێچ لە گەل نووسراومان وێنەیەک لە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری /ب٠گ٠ ژمێرکاری / ب . دیراسات و لێکۆلینەوەژمارە (٥١١٢) لە٢٠١٧/١١/٢٦ ڕەوانە دەکەین بۆتان کە بەنووسراوی وەزارەتمان (٤) لە٢٠١٧/١٢/٣ ئاراستەمان کراوە..بۆئاکاداری وکاری پێویست.

هاوپێچ

- نووسراوی وەزارەتمان
- نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری

لەکەڵ سوپاس.....

مافپەروەر
دڵزار اسماعیل احمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
/ / ٢٠١٨

وێنەیەک بۆ:

- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی/ ب .گ. دیوان/ ب٠ ژمێریاری بۆزانین لەگەڵ ڕێزدا.....
- بەڕێز جێگری بەڕێوبەری گشتی ، بۆزانین لەگەڵ ڕێزماندا...
- ب . پشکنین و بەدواداچوون
- ب ٠ کارگێری
- ب.ژمێریاری لەگەڵ بەراییەکان
- دۆسیەی گشتی



خشتەی ڕەسمەکانی یاسای کۆمپانیاکان

ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو

وەسەنی وەزیران

جۆر	نرخی ڕەسم (بە ژمارە)	نرخی ڕەسم (بە نووسین)
تۆمارکردنی کۆمپانیای خۆمانی	٥٠,٠٠٠	پەنجا هەزار دینار
بوول و سەرمایە بۆ هەر یەک ملیۆن دینار بۆ کۆمپانیای خۆمانی	٤٠٥٠٠	چوار هەزار و پێنج سەد دینار
کردنەوەی لقی کۆمپانیاکانی **بیانی**	٢٠٠,٠٠٠	دوو سەد هەزار دینار
دەرکردنی بڕیاری هەموارکردنی کۆمپانیاکان	٥٠,٠٠٠	پەنجا هەزار دینار
تۆمارکردنی کۆمپانیای **هاوپشک**	٣٠٠,٠٠٠	سێ سەد هەزار دینار
زیادکردنی سەرمایەی کۆمپانیا بۆ هەر یەک ملیۆن دینار	٢٠٥٠٠	دوو هەزار و پێنج سەد دینار
دەرکردنی بڕیاری پاکتاوکردن	٥٠,٠٠٠	پەنجا هەزار دینار
تۆمارکردنی بریکارنامەی بازرگانی	٥٠,٠٠٠	پەنجا هەزار دینار
دەرکردنی مۆڵەتی بریکارنامەی بازرگانی	٢٥,٠٠٠	بیست و پێنج هەزار دینار



جۆر	بڕی کرێ (بە ژمارە)	بڕی کرێ (بە نووسین)
[illegible] و کرێبەستی [illegible] کۆمپانیاکان	٥٠,٠٠٠	پەنجا هەزار دینار
[illegible] کرێی سالانەی کۆمپانیاکان	٥٠,٠٠٠	پەنجا هەزار دینار
[illegible] پارەکان و داوتنامەکان	٢٥,٠٠٠	بیست و پێنج هەزار دینار
[illegible] [illegible] کۆمپانیاکان هاوپشک و [illegible]	١٠٠,٠٠٠	سەد هەزار دینار
هەڵشکێنی بارەگاکانی کۆمپانیا لە نو شارەکان	٢٥,٠٠٠	بیست و پێنج هەزار دینار
هەڵشکێنی بارەگاکانی کۆمپانیا لە دەرەوەی شارەکان	٥٠,٠٠١	پەنجا هەزار دینار
داوێنی تایبەت بە تۆمارکردنی کۆمپانیا	٢٥,٠٠٠	بیست و پێنج هەزار دینار
[illegible] کرێبەست و بەڵگەنامەکان	٢٥,٠٠٠	بیست و پێنج هەزار دینار
[illegible]		